(شەرم کردن لە ئیمانەوەیە (لە باوەڕەوەیە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گوێی لەپیاوێک بوو ئامۆژگاری براکەی دەکرد سەبارەت بە شەرمکردن، ئەویش فەرمووی: «شەرم کردن لە ئیمانەوەیە (لە باوەڕەوەیە)».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گوێی لەپیاوێک بوو ئامۆژگاری براکەی دەکرد بۆئەوەی ئەوەندە شەرمن نەبێت! پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆیانی ڕوونکردەوە کە شەرمکردن بەشێکە لە ئیمان، وشەرمکردن تەنها خێر وچاکە دەهێنێت. وشەرمکردن ئەو ڕەوشتە جوانەیە کە دەبێتە هۆی کردنی شتی باش وچاک ودووركەوتنەوە لەشتی خراپ وناڕەوا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5478